# ئاوازدانەر و کۆمپۆنیستی هۆڵەندی هوبا دخراف کێیە..؟





بیست ساڵ زیاترە، خانەوادەیەکی هۆڵەندی دەناسم، لەو ڕۆژەوە بوون، بە هاوڕێمان ساڵانە چەندین جار پێکەوە دانیشتووین و ڕازونیازی دڵی خۆمان بۆ یەکدی کردۆتەوە، سەرەتا هاوسێمان بوون و منداڵەکانی، کچە گەورەکەی (بلۆم) لە قوناغی سەرەتاییەوە، هەشت ساڵ لەگەڵ یادی کوڕمدا لە پۆلێک پێکەوە بوون. هوبا و هاوسەرەکەی خەیڵ ماین بێرخ، هەردووکیان دوو هونەرمەندی کۆمپۆنیستی ناسراوی هۆڵەندان، هەریەکەیان ڕێبازی ئیشکردنی هونەریان جیاوازە، زۆرێک لە نمایشی کارەکانی هەردووکیانم بینیووە. بۆ ئەمجارە ویستم هوبا دخراف بە خوێنەرانی تاراوگە بناسێنم. هەر لەسەرەتای ناسینمانەوە هوبا دەیزانی من سەروساختم لەگەڵ ئەدەب و شیعردا هەیە، زۆرجار دەیجوڵاندم، کە پێکەوە کارێکی هاوبەش بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی دەمزانی، ئەو تێکستانەی من نووسیووە، هەمووی گڕوگاڵی گەنجێتی و دەقگەلێکی ئەوتۆ نین، کە کاری وا گەورەیان بۆ بکرێت، جارێکیان شیعرێکی منداڵانی خۆمم بە زمانی کوردی بۆ خوێندەوە، پێی گوتم دەیەوێت مانا هۆڵەندییەکەی ئەم دەقە بزانێت، منیش کاک ئاراس کەمالی هاوڕێم، کە ساڵانێکی زۆر لە ڕێکخراوی "میدیـــا" پێکەوە کارمان کردبوو. دەقی شیعری پەپولەی بۆ کردم بە هۆڵەندی و تێکستەکەم بە کوردی پیتی لاتینی و هۆڵەندی و پیتی عەرەبی بۆ هوبا دخراف نارد، چەند ڕۆژێکی پێچوو، سەریرم کرد هوبا ئاوازێکی خۆشی بۆ شیعرەکە داناوە و بە دەنگی بلۆمی کچی میلۆدییەکی جوانی کوردیی بۆ ناردمەوە. هوبا زۆرجار پێشنیاری بۆ کردووم کاری پێکەوەیی بکەین، بەڵام من لە خۆمم ڕانەپەرمووە و تەمەڵی ڕێگر بوون لێم. لێرەدا پێم خۆشبوو ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی لەگەڵ هوبا دخرافدا بڵاوبکەمەوە، کە چەند پرسیاریکم ئاڕاستەی کردووە و ئەویش بە سوپاسەوە بە کورتی وەڵامی داومەوتەوە، کاک (ئاراس کەمال)، بە وەرگێڕانە کوردییەکەیدا چۆتەوە.

تاراوگە: ئاوازدانەر و کۆمپۆنیستی هۆڵەندی هوبا دخراف کێیە..؟

وەڵام: لە ئەمستردام لەدایک بووم و هەر لەوێش دەژیم، دوو کچی گەورەم هەن.

خوێندنی ئامادەیی بەشی زانستی (خمناسیۆم B)مم تەواوکردووە و پاشان بەشی کەمانچەم لە پەیمانگای مۆسیقای ئەمستردام خوێندووە، دوای ئەوە زانستی بیستنم لە زانکۆی هونەر لە شاری ئوترێخت و بەشی (کۆمپۆنیستیی)م لە لاهای تەواو کردووە.

لەم ساڵانەی دواییدا کاری زۆرم لەسەر دەنگی ئەلکترۆنی کردووە و هەروەها بەشێوەیەکی بنەڕەتی کارم لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند بواری هونەری جیاوازدا کردووە، هەر لە میوزیکی شانۆ، گورانیبێژان، نووسەران، میوزیکزانان، شانۆکاران، دەرهێنەر و دیزاینەرانی تیشک، هتد...

تاراوگە: کەی دەستت بە دانانی میوزیک کرد..؟

وەڵام: تەمەنم 8 ساڵان بوو، کە یەکەم کۆمپۆزیسی مویزیکییم دانا، ئەو کاتە لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بووم، ئەو کارە جۆرێک بوو لە مۆسیقای شانۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخەری جێبەجێکردنی چالاکییەکانی قوتابخانەم لە ئەستۆ گرت، لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆش لەسەر ئەو کارە بەردەوامم، لەدەرەوەی قوتابخانەش بووە بە پیشەم.

کە منداڵ بووم لەگەڵ باپیرمدا زۆرجار کەمانچەم ژەنیووە و ئەندامی ئورکسترای گەنجان بووم لە قوتابخانەی میوزیک و لەگەڵ تیپی میوزیکی پۆپ کارم کردووە.

تاراوگە: چۆن و کەی زانیت، کە بەهرەی میوزیکت تێدایە..؟

نازانم ئەگەر تۆ ئەمەی من ناو بنێیت بەهرە، من هەر حەز و ئارەزوویەکم لە هەرچی بوو بێت، لە ژیانی خۆمدا ئەوەم کردووە، بە کارکردنی خۆم و بە خۆڕسکی لە بواری مۆسیقادا بەم دەرئەنجامەی ئێستە هەمە گەیشتووم. ئایا دەکرێت و هەموو کەس دەتوانێت ناو لە خۆی بنێت 'کۆمپۆنیست'...!

ئەی بەهرە خۆی چییە..؟ ئایا بەهرە ئەوەیە، کە خەڵکی یەکسەر کارەکانی تۆیان بەلاوە 'جوان'بێت..؟ ئەم مەسەلەی بەهرەیە ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی ئەو ئاوازانەی من دایاندەنێم جیاواز و سەیرن، مۆسیقای ئەزمونگەری و میوزیکی نوێش هەرگیز ڕاستەوخۆ لەخۆوە سەرکەوتوو نابن.

تاراوگە: چۆن لە کارەکانی پێشووی خۆت دەڕوانیت...؟

وەڵام: ڕاستەوخۆ لە دوای هەموو پێشکەشکردنێکی یەکەمجارمدا، لە کارەکەم دڵنیا نیم، پاشان دەزانم چیم کردووە و دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ شانازی بە دەرئەنجامی کارەکەمەوە دەکەم و سەرم لەخۆم سووڕدەمێنێت، کە چۆن ئەوە منم توانیومە ئەو کارە بەرهەم بهێنم.

تاراوگە: وەک ئاگادارم خەریکی پڕۆژەیەکی هونەری بوون، کە لە سلێمانی پێشکەشی بکەن..؟ دەتوانیت پێمان بڵێیت ڕۆڵی تۆ چی بووە لەو پڕۆژە هونەرییەدا..؟

وەڵام: جارێکیان باخچە محەمەد، لێی پرسیم، کە پێکەوە بچین گەشتێک بکەین بۆ سلێمانی، بەڵام من هەمیشە پێم خۆش نییە بچم بۆ شوێنێک تەنیا هەر گەشتیار بم، بەڵکو دەمەوێت خەڵکی ئەو شوێنە بناسم و پەیوەندی دروست بکەم لەگەڵیاندا. زانیم کەسێک هەیە بە ناوی (هەردی کوردە)وە، کە خەریکی ڕێکخستنی (Performance Art) میهرەجانێکی هونەری و ئەدەبییە. پەیوەندیم پێوە کرد، لەو باوەڕەدا بووین، ئەگەر ئەو کارەم کە پێشتر لە ئەمستردام پێشکەشم کردبوو بەناونیشانی (Pornopera)، لە سلێمانی پێشکەشی بکەینەوە کاردانەوەیەکی نادیار و هەژێنەری دەبێت. ئەم نمایشە دوو ژەنیاری ئامێری چەنگ (القيثارة) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن، بۆمان دەرکەوت ئەمە کارێکی ئاسان نابێت، لەبەرئەوەی لە هەموو شاری سلێمانیدا، ئامێری چەنگ پەیدا نابێت، هەرچەندە وڵاتی میزۆپۆتامیا خۆی داهێنەری ئەو ئامێرەیە. ئەو کارەم لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا پێشکەش کراون، دەنگدانەوە و پێشوازییەکی باشی هەبوو، هەرچەندە ناونیشانەکەی وروژێنەر بوو.

بڕوانە لاپەڕە 4

# من کەسانی بێلایەن و نموونەیی، هونەرمەندان و ڕوناکبیرانم خۆشدەوێن، ئەوانەی بە خۆڕسک کاردەکەن و ئەوانەی دەیانەوێت کارێک بکەن، بە خۆشەویستییەوە دەیکەن و بە گرنگی پێدانێکی زۆرەوە، دەیگەیەننە ئەنجام



بەبۆنەی هاتنی پەتای کۆرۆناوە، کێشەیەکی تریشمان بۆ درووست بوو، بەڵام توانیمان بە ئۆنلاین لە ڕیگەی ئەنتەرنێتەوە لە چوارچێوەی میهرەجانی Space21 ەوە کارەکە پێشکەش بکەین. لە ئەنجامدا لەگەڵ چەندین هونەرمەندی بوارەکانی دەرهێنان و نمایشکاریدا لە هەموو کونجێکی دیاوە، گفتوگۆمان کرد و تێکڕای گفتوگۆکان لە ڕادیۆوە لە سلیمانی پەخش کرا.

ئەوەی زۆر جوان بوو کە بەم شێوازە لەگەڵ کۆمپۆنیستەکانی کوردستان گوێبیستی کارە میوزیکییەکانی یەکدی بووین و ئەوە باشترین دیالۆگی ڕاستەوخۆ بوو لە نێوانماندا. هەرچەندە من زیاتر ئارەزووم دەکرد، ڕووبەڕوو لەگەڵ هەموویاندا پێکەوە بووینایە.

تاراوگە: ئێستە سەرقاڵی چ جۆرە پڕۆژەیەکن...؟

تازە دەستم بە توێژینەوەیەک کردووە، دەربارەی پەیوەندی نێوان توندوتیژی و (ڤێبراتۆ). ڤیبراتۆ بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی تۆنی دەنگە، کە هیوادارم کارێکی میوزیکی شانۆیی باشی لێ بەرهەم بێت، ناوەڕۆکی ئەم کارە دەربارەی ڕابردووی کۆلۆنیالیستی هۆڵەندی لە ئەندۆنوسیا دەدوێت.

بەڕای من کە گوێ لە هاوار و قیژەی ئۆپێرای کلاسیکیی ڕۆژئاوایی دەگریت، دەکرێت بە توندوتیژی و هێرشکارانە لێی بڕوانیت. ڤیبراتۆ لەسەر ئامێری کەمانچە بریتییە لە گۆڕانکارییەکی زۆرەملێی تەکنیکیی بۆ ئەوەی زۆر زیاتر تۆن دروست بکات و ڕێژەی دەربڕین بەرزبکاتەوە. من سەرقاڵی تاقیکردنەوەم لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە زیادەیە، واتە بەرفراوانکردنی هونەری کەمانچەژەنین، دەمەوێت ئەم "زیاد ویستییە" بەراورد بکەم، لەگەڵ چاوچنۆکی پاوانخوازی کۆلۆنیالیستیدا.

من هەمیشە لە کارکردنمدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێم سەرسوڕهێنەر بێت، لێکۆڵینەوە لە شتێک دەکەم کە لێی تێنەگەم، واتە کارێک هەژێنەر و سەرنجڕاکێش بێت، دەمەوێت ئەنجامی بدەم. بۆ نموونە خەڵکی بۆچی زۆر قسە دەکەن و کەم گۆرانی دەڵێن، مرۆڤ پێشتر چی کردووە، گۆرانی گوتووە یان قسەی کردووە..؟ منداڵ بۆ حەزی لە گۆرانیی گووتنە، هەروەها مرۆڤە بەتەمەنە خەڵەفاوەکانیش بە هەمان شێوە...؟! ڕەنگە بتوانیت بڵێیت لەسەرەتادا گۆرانی هەبووە، پاش ماوەیەکی دوور و درێژ و پاش گەشەکردنی مرۆڤ ئاخاوتن دەرکەوتووە. ئەو کاتە بەدواداچوونم کرد بۆئەوەی بزانم ئایا مەیموون توانیوێتی گۆرانی بڵێت..!

بۆیە هاتم بەرهەمێکم بە ناونیشانی(Apera)ەوە دروست کرد.



تاراوگە: وەک ئاگادارم لەبارەی شاعیری ناسراوی ئێرانی فەروغی فەروغزاد، سەرقاڵی پڕۆژەیەکت، دەتوانیت دەربارەی ئەو پڕۆژەیە، کەمێک بۆ تاراوگە بۆمان بدوێیت..؟

وەڵام: پەیوەندیم بە هونەرمەند (ئەمرا دانشوەر)ەوە کرد، ئەویش لە ئەمستردام دەژی، کە بەرهەمێکی میوزیک لەسەر فەروغی فەروغزاد پێشکەش بکەین، لەڕاستیدا من هەرگیز ناوی فەروغی فەروغزادم نەبیستبوو، چونکە ئێمە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ناو بۆشایی زانیاریدا دەژین، بەڵام کە ئەو ئەو شاعیرەی پێیناساندم و ژیان و بەرهەمەکانی پێ ئاشناکردم، زۆر پێی سەرسام بووم، کە ژنە شاعیرێکی مەزن و نایاب و یاخی و ڕوحێکی ئازادی هەبووە، هەروەها ئەو خۆی فلیمساز بووە. یەکەمجار کارم لەسەر چامەی (کفر) و دواجار لەسەر چامەی (با باوەڕبهێنین بە شەفەقێکی وەرزی سارد)ی فەروغەوە کرد و کردم بە کارێکی مۆسیقی. هەرچەند من ناتوانم مۆسیقا بۆ زمانی فارسی بنووسم، بۆیە شێوازێک لە میوزیکم هەڵبژارد، کە لە خۆمەوە نزیک بێت و بەتەواویش شکۆی فەروغی فەروغزادی تێدا بەرجەستە بێت، چامەکە بە گۆڕانی دەگوترێت وەک بەرەنگاربوونەوە و نمایشێک، کە نامۆیی و گیانێکی هونەری مێینەی ئەو دەردەبڕێت.

من کەسانی بێلایەن و نموونەیی، هونەرمەندان و ڕوناکبیرانم خۆشدەوێن، ئەوانەی بە خۆڕسک کاردەکەن و ئەوانەی دەیانەوێت کارێک بکەن، بە خۆشەویستییەوە دەیکەن و بە گرنگی پێدانێکی زۆرەوە، دەیگەیەننە ئەنجام. هیوادارم بەم شێوەیە لە ڕێی کارەکانمەوە ئیلهامبەخش بم.



پ: دوا وتەت بۆ تاراوگە و خوێنەرانی کورد چییە..؟

وەڵام: میوزیک کارێکی نایابە و هەمیشە ئاماژە بە مرۆڤ بوون دەکات، هەموو جیهان پڕدەکات لە نیگار و وشە، مۆسیقا دەچێتە قوڵایی و ناخ و ڕووحی مرۆڤەکانەوە. مۆسیقای زیندوو لە هەموویان جوانترە.